نەوەی نوێ سبەی پشتیوان و بەشدار دەبێت لە خۆپیشاندانی هەولێر



فراکسیۆنی نەوەی نوێ دووپاتیکردەوە وەک جوڵانەوەی نەوەی نوێ و وەک فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان، نەک تەنها پشتگیری خۆپیشاندان دەکەین لە هەولێر، بەڵکو بەشداریش دەبین تیایدا.

ئەمڕۆ شەممە ٨ی شوباتی ٢٠٢٥، فراکسیۆنی نەوەی نوێ رایگەیاند، "هیوادارین هەموو لایەکیش ئاگاداربن، بەتایبەت مامۆستایانی مانگرتووی بەڕێز، کە ئەمە پلانێکی دەسەڵات نیبەت بە لەباربردنی ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونیان و داخستنی خەمڵکیان نیبەت لەسلەمانی، کە ماوەیەکە مانیان لە خواردن گرتووە و ئازاریان کێشاوە".

ئاماژەی بۆشکرد، بەیەکگرنگە هەروەک چۆن لەسلەمانی نارەزایی و مانگرتن بەردەوامە ئاوها بەردەوام بێت تا مافەکانی مامۆستایان و مووچەخۆران وەردەگیرێتەوە، هەروەها گرنگیش بەهەمان شێوە لەهەولێریش خۆپیشاندان و ناڕەزایی بەردەوام بێت و ئەمەش پشتیوان و بەشدار دەبین، چونکە پەیمان وایە ئەم حکومەتەی مافی خەڵک و مووچەخۆران دەخوات حکومەتی پارتی و یەکێتییە و هەردوولا وەک یەک بەرپرسن لە بەینی قوت و مووچەی مووچەخۆران.